## ئەوە کێیە یەکێتی دوو کوت دەکا
## دە کوتی دەکەین!

دەمێک نابێ مەلا بەختیار باسی ئالآی شۆڕش دەکا و گوایە بێ دەنگی دەشکێنێ. ئەو هەواڵە دەگاتە چەند کادیرێکی هێزی گەرمیانیان و توڕە دەبن: ئەو مەلایە تاسەر ئیسک حێراقچییە و دەبێ مامە، بەزوترین کات دەمکوتی بکا، ئەگینا ئێمە وەک شیوعییەکانی پشت ئاشان، بە پشتیوانی کاکە نەوە گیان کوت کوتیان دەکەین، ئاخر ئێمە پەڕۆی سەر شەخسەکانمان بیستوە، ئیدی ئەم ئالآیە چییە ئەو مەلایە باسی دەکا، معین ئێمە پیازمان پاککردوە.

بە گەیشتنی چەند پێشمەرگەیەکی ئەو ئالآی شۆڕشە بۆ بارەگاکانی جود* لە ناوچەکانی هەورامان ، شیوعی و پارتی پێیان وابوو، تەواو یەکێتی دەبێتەوە تاقمە کۆنەکەی جارانی جەلالی و تاکو بەکرەجۆ ناگیریسێنەوە وچەند قاژێکی سووری، وەک هەناری ساڵەخانی هەورامانی لێدێ. ئیدی هەریەکە کۆمەکی خۆی بۆ ئەو ئالآبەدەستانە خڕ دەکردە و هەندێ بنەبەردیان بۆ کردنە بارەگا..
لەو نوێنەرانی ئالآی شۆڕشیش کە خۆیان لای ئێمە پەنا دابوو، سالار، جەعفەر و کەریم و چەند عەریفیک کە هێندە خۆیان بە مارکسی دەدایە قەڵەم، ئەو مارکسە زیندوبوایە بە شاگردی خۆیان ڕایان نەدەگرت. ئیدی وابوون، گەرم و یەک دنیا هیوا و بەڵێن. بڕوا بکەن کەسەرکەوتین نەوشیروانتان بە باڵبەستراوی دەدەینە دەست! وایان دەگۆ و وشەی ئاگرین وەک فیشەکی گرداری لولەی بیکەیسی، لە زاریان خۆی ڕانەدەگرت و سەنگەری گەنگەشەیان داگیرکردبوو..

ڕۆژێکیان لە بارەگای پارتی، کە چەند مەترێک دوور بوون لەوبەرمانەوە، هاوارێک بەرزبووەوە کە گوایە یەکێ لەو عەریفناوانەی ئەو ئالآی شۆڕشە، ویستویەتی پێشمەرگەیەکی پارتی بکاتە مارکسی. کە زانیویەتی چاری ناچارە و قسەکانی دەبیتە مایەی توڕەبوونی فەرماندەی بارەگاکە، یەکسەر ئەو ئالآهەڵگرە، بابەتەکەی کردوە بە ئازایەتی بەرزانی و گوایە ڕێچکەکان هەموو دەچنەوە بارزان، تەنات ڕۆژێک دێت مامەش خۆی فاتحە لەسەر مەزاری مەلاموستەفا دەخوێنێ.
هەربۆیەش ئالآی شۆڕش وەک هیزێک ناڕازی ناو یەکێتی، دەستپێشخەری دەکا، بەگەڕانەوە بۆ ئامێزی دایە گەورە..
ئەو ئالآ بەدەستانە، فرەیان وت و کەمیان کرد، هەندێکیان کە سەردانی ئێمەیان دەکرد، بە هاوڕێ هاوڕێ گێژیان دەکردین، کە دەچوونە کن پارتی، خۆیان بە کوڕەزای بەرزانی دەزانی، ئەو دۆخەیان درێژخایەن نەبوو، زۆربەیان بڵاوەیان کرد و هەندێکیان بوونە حسکەکەی کاکە حەمە و چەندێکی دییان بەرەو بنار خۆیان ڕادەست کردەوە و چەند قلێکان بەرگی پاسداریان لەبەر کرد.
ویستیان یەکێتی بکەنە چەند کوتێ، بەڵام خۆیان هێندە کوتیان لێ بووەوە کە هیچ لایەنێکیان بێ بەش نەکرد.

ئاسۆ بیارەیی(ئارام هەورامی)
لە سەد هەسارەی یاداشتەکانەوە
کەڕەچاڵ هاوینی ١٩٨٤ ئەحمەئاوا هەورامان

جود: بەرەی نیوان پارتی، شیوعی، حسک و پاسۆک